# دامەزراوەی بەدەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران

# (GIoD)

## چارەسەر بۆ دامەزراوەکان دابین دەکەین

دەستەبەری
زیادبوونی قازانج و چالاککردنی ژینگەی چاودێری لە دەزگاکاندا دەکەین

دەستەبەری
پیشەگەرێتی کاری دامەزراوەکان دەکەین بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان

دەستەبەری
بەردەوامبوونی دامەزراوەکان دەکەین لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا

# پێڕست

ئێمە کێین؟ ........................................................................ 3
هاوبەشەکانمان ....................... Error! Bookmark not defined.
ئەندامانی ئەنجومەنی دەستپاکانی دامەزراوەی بەدەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران GIoD ........................................................................ 6
دیدی ئێمە ........................................................................ 8
ئەرکی ئێمە ........................................................................ 9
کۆمەڵەی مەبەست ........................................................................ 10
بە چی جیا دەکرێینەوە؟ ........................................................................ 11
خزمەتگوزارییەکانمان ........................................................................ 12
شارەزایانمان: ........................................................................ 13
دەستکەوتەکانمان ........................................................................ 13
کڕیارانی GIoD ........................................................................ 15
پەیوەندیمان پێوە بکە ........................................................................ 19

## ئێمە کێین؟

دامەزراوەی بە دەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران (GIoD) دامەزراوەیەکی کۆمەڵگای مەدەنیی قازانج نەویستە کە لە ساڵی 2016 لە عێراق دامەزراوە.

GIoD دامەزراوەیەکە لە ناو زنجیرە ناوەندێک بۆ بەڕێوەبەران لە هەموو جیهاندا ( Institute of Directors) کە لە لایەن دامەزراوەی دارایی جیهانی IFC سەر بە کۆمەڵەی بانکی نێودەوڵەتییەوە دامەزراوە.

GIoD بە یەکەم دامەزراوە دادەنرێت لە عێراقدا تایبەت بە دابینکردنی چارەسەری بەردەوامیپێدانی دامەزراوەیی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بەدەزگاکردنەوە.

## هاوبەشەکانمان

### دامەزراوەی دارایی نێودەوڵەتی IFC سەر بە کۆمەڵەی بانکی نێودەوڵەتی:

دامەزراوەی دارایی نێودەوڵەتی IFC / ئەندامی کۆمەڵەی بانکی نێودەوڵەتی بە هاوبەشی ستراتیجیمان دادەنرێت. دامەزراوەی دارایی نێودەوڵەتی IFC دامەزراوەیەکی دارایی نێودەوڵەتییە کە خزمەتگوزاری وەبەرهێنان، ڕاوێژکاریی و کارگێڕی دارایی دابین دەکات بۆ هاندانی گەشەکردنی کەرتی تایبەت لە وڵاتاندا.

### کۆمپانیای ئەحمەد الجبوری و هاوبەشەکانی

کۆمپانیایەکی تایبەتە بە گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان و ڕاهێنان لە بواری زانستی دارایی و ژمێریاریی و ڕامیاریدا. کۆمپانیای جبوری هاوبەشی پەروەردەیی دەستەی ژمێریاران و وردبینانی دامەزراوە ئیسلامییە داراییەکانە (ایوفی). هەروەها هاوبەشی کۆنگرەی عەرەبییە بۆ ژمێریارە یاساییەکان و، هاوبەشی پەروەردەیی پەیمانگای ژمێریارە یاساییەکانە لە ئینگیلتەرا و وێلز بۆ بڕوانامەی باوەڕپێکراو لە IFRS و ئەنجومەنی گشتیی بانکەکان و دامەزراوە داراییە ئیسلامییەکان.

رابطة المصارف الخاصة العراقية
Iraq Private Banks league

## یەکێتی بانکە تایبەتەکانی عێراق:

- یەکێتی بانکە تایبەتەکانی عێراق دامەزراوە لە ڕێکەوتی 2004/5/5 بە بەشداریکردنی نوێنەرانی ئەو نۆزدە بانکە تایبەتانەی کە لەو کاتەدا لە کاردابوون و، لە ساتی دروستبوونیەوە یەکێتییەکە کاری کردووە بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکی تووند لەگەڵ دەسەڵاتی داراییدا کە خۆی دەبینییەوە لە بانکی ناوەندیی عێراق.
- دووپاتکردنەوەی پەیوەندییە هەرەوەزییەکانی نێوان ئەندامانی یەکێتی و، پاراستنی ماف و سوودە هاوبەشەکانیان بە گرنگترین ئامانجەکانی دادەنرێت، سەرباری گەشەپێدان و شایەستەکاریکردنی کادرە مرۆییەکان لە بانکەکاندا لە ڕێگەی بەشداریپێکردنیان لە خولەکانی مەشقپێکردن بە مەبەستی نوێکردنەوەی کاری بانکی.
- نوێنەرایەتیکردنی بانکە تایبەتەکان لە عێراق و دەرەوەیدا و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بانکی لە نێوان فەرمانبەرانی بانکدا و دەربڕینی ڕا و ڕاوێژکردن دەربارەی دەستوور و یاسا پەیوەندیدارەکان و بەهێزکردنی کاری هەرەوەزی لە نێوان نوێنەرانی بانکە عێراقییەکان (تایبەت و حکومی) و هەروەها لەگەڵ بانکە عەرەبی و بیانییەکاندا بە مەبەستی گۆڕینەوەی زانیاری و ئەزمون بە ئامانجی بنیاتنانی بنچینەیەک بۆ لێکتێگەیشتن لە نێوان بەڕێوبەرایەتییەکانی بانکە عێراقییەکاندا.
- یەکێتییەکە بە شێوەیەکی تایبەت گرنگی بە هەرەوەزی لەگەڵ دامەزراوە و دەستە عەرەبی و بیانییە خاوەن ئامانجە هاوبەشەکان و هەرەوەزی لەگەڵ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەموو بوارەکاندا بۆ خزمەتی دۆزەکانی گەلی عێراق، دەدات.

## ئەندامانی ئەنجومەنی دەستپاکانی دامەزراوەی بەدەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران GIoD

سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی دەستپاکانی دامەزراوەی بەدەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران GIoD دەستەبژێرێکن لە خاوەنکاری خاوەن ئەزمون و دەستکەوتی گەواهی بۆدراو و هەریەک لە بواری کاری خۆیدا خزمەتی مەزنی پێشکەشکردووە، ئەمەش جێپەنجەیەکی دیاری جێ هێشتووە لە کەرتی تایبەتی ئابووریی عێراقیدا.



بەڕێز محمود ڕەئوف کەریم
سەرۆکی ئەنجومەنی دەستپاکان
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوبەرایەتی
کۆمەڵەی کار



د. وەصفی طاهر هقوجی
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی دەستپاکان
جێگری سەرۆکی زانکۆی تشک



بەڕێز ئازاد موستەفا حسێن
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوبەرایەتی
کۆمپانیای ماسی جیهانی



خاتوو تریسکە ئیحسان ئەسعەدی
سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانی بۆ خانمانی
خاوەنکار و دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەی
باڵا بۆ پەروەردە و فێربوون



بەڕێز دارا جەلیل خەیات
سەرۆکی زنجیرە کۆمپانیاکانی خەیات
سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانی و
پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستان



د. زەکی حسێن قادر
ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی بەڕێوبەرایەتی
کۆمپانیای صلاحدین هۆڵدینگە



بەڕێز صەدرەدین کەمال محەمەد
خاوەن و سەرۆکی کۆمەڵەی هێڤی
ئەندام لە یەکێتی ژوورە بازرگانی و
پیشەسازییەکان – هەرێمی کوردستان



بەڕێز مازن سەعد
ئەندازیاری ڕاوێژکاری لە بواری شاری ژیر و
تەکنەلۆژیای داهاتوودا



بەڕێز نەصیر شمە
هونەرمەندی یونسکۆ بۆ ئاشتی
و باڵیۆزی ڕێکخراوی ئەلئەعنەفی نێودەوڵەتی



بەڕێز وەدیع الحنظل
سەرۆکی کۆمەڵەی الحنظل
سەرۆکی یەکێتی بانکە تایبەتەکانی عێراق

## دیدی ئێمە

"پێشڕەوی لە پێشکەشکردنی خەزمەتگوزاری بەدەزگاکردنی دامەزراوەکان لە عێڕاقدا"

- GIoD –

## ئەرکی ئێمە

1. دامەزراوەکەمان ئامانجی چەسپاندنی ڕۆشنبیریی بەدەزگاکردنی دامەزراوەکان و برەودانە بە جێبەجێکردنی بنەماکانی لە عێراقدا.
دەکرێت بەدەزگاکردنی دامەزراوەکان بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: ئەو کۆمەڵە کارپێکردن و ڕاییکارییانەیە کە بە ئامانجی ڕابەریکردن و چاودێریکردنی دامەزراوەکە بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەگیرێتە بەر، بەو شێوەیەی کە دەستەبەری بەدیهێنانی باشترین ئەنجام دەکات لە لایەنەکانی (ڕەوتی بڕیاردان – دارشتنی سیاسەت و ستراتیجی دامەزراوەکە – دابەشکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکان – زیادکردنی خستنەڕوو و شەفافیەت – سنووردارکردنی گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی – ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان – چالاککردنی چاودێری – بەردەوامبوونی لە نەوەکانی داهاتوودا).
2. GIoD چارەسەرگەلێک بە کەرتی تایبەت پێشکەش دەکات لە ڕێگەی بنیاتنانی بنچینە دروستەکانەوە بۆ کۆمپانیا و بانکەکان، ئەوەش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی باشترین کارپێکردنە نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ باشترکردنی کارامەییەکان لەلای کۆمەڵگای ئاڵووێری بە مەبەستی بەرزکردنەوەی بۆ ئاستێکی پیشەگەری کە دەستەبەری بەردەوامبوون و زیادبوونی قازانجی دامەزراوەکان دەکات.

## کۆمەڵەی مەبەست:

لە چالاکی و خزماتگوزارییەکانماندا، ئامانجمان دروستکردنی بڕیارە لە دامەزراوەکاندا، هاوشێوەی:

-وەبەرهێنەرانی خاوەن پارە

-ئەنجومەنی بەڕێوەبردن (سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، سکرتێری ئەنجومەنی بەڕێوەبردن)

-بەڕێوەبەرانی پلەبەرز (بەڕێوەبەری جێبەجێکار، بەڕێوەبەری خستنەگەڕ، بەڕێوەبەری دارایی، ...)

-ئەوانەی گرنگی بە بەدەزگاکردنی کۆمپانیاکان دەدەن

## بە چی جیا دەکرێینەوە؟

| | |
|---|---|
| یەکەمین ڕێکخراوی قازانج نەویستی تایبەت بە بەدەزگاکردنی دامەزراوەکان لە عێراق | بەرنامە مەشقییەکانمان لە لایەن IFCەوە دارێژراوە |
| بەرنامەکانمان لە لایەن کەسانی شارەزاوە لە بواری بەدەزگاکردنی دامەزراوەکاندا پێشکەش دەکرێن | بەرنامەکانمان زیاتر کردارەکییە وەک لەوەی تیۆری بێت |

ڕێکخراوی IFC سەر بە کۆمەڵەی بانکی نێودەوڵەتی هاوبەشی ستراتیجی ئێمەیە

## خزمەتگوزارییەکانمان

- ✓ بەرنامە مەشقییەکانمان هاوچەشن و گشتگیرن، بۆئەوەی لەگەڵ پێویستییەکانی کرِیارەکانماندا یەکبگرنەوە و بە گوێرەی باشترین پێوەر و کارپێکردنە نێودەوڵەتییەکان پێشکەشبکرێن.
- ✓ دەربارەی دامەزراوە خێزانییەکان، سەرنج دەخەینە سەر دابینکردنی گورزەیەک لە چارەسەری کرداری بۆ دەستەبەرکردنی بەرەوپێشچوون و بەردەوامی بە درێژایی نەوەکان.
- ✓ دابینکردنی گورزەیەک لە خزمەتگوزاری راوێژکاری لە بواری بەدەزگاکردنی دامەزراوەکان:
  1. هەڵسەنگاندن و جێبەجێکردنی کارپێکردنەکانی بەدەزگاکردنی دامەزراوەکان.
  2. هەڵسەنگاندن و خستنەگەڕی ئەنجومەنێکی کارگێڕیی چالاک.
  3. هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکان بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی خستنەڕوو و شافافییەت.
  4. هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکان بۆ دارِشتنەوەی ستراتیجی تایبەت بە خۆی.
  5. راوێژکاریکردن بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامبوون بۆ دامەزراوە خێزانییەکان.
  6. یارمەتیدانی دامەزراوەکان لە دانانی سیستەمێکی چاودێریکردنی چالاک.
- ✓ ئامادەکردن و نەخشەسازی رێبەریی بەدەزگاکردنی دامەزراوەکانی تایبەت بە هەر دامەزراوەیەک.

## شارەزایانمان:

بەرنامەکان لە لایەن شارەزایانی تایبەت بە بواری بەدەزگاکردنی دامەزراوەکانەوە پێشکەش دەکرێن.

یەکەم: شارەزایانی دامەزراوەی دارایی نێودەوڵەتی IFC/ سەر بە کۆمەڵەی بانکی نێودەوڵەتی.
دووەم: شارەزایانی نێودەوڵەتی.
سێیەم: شارەزایانی هەرێمی.
چوارەم: شارەزایانی خۆجێیی.

## دەستکەوتەکانمان

1. بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی بەدەزگاکردنی دامەزراوەکان:
به ئامانجی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی بەدەزگاکردنی دامەزراوەکان، دامەزراوەی بەدەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران GIoD لە ساتی دروستبوونییەوە هەستاوە بە پێشکەشکردنی سیمینار و ووۆرکشۆپ بۆ کۆمپانیا و بانکەکان.
2. لە کەرتی بانکیدا:
دامەزراوەی بەدەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران GIoD بە هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوەی دارایی نێودەوڵەتی IFC/ سەر بە کۆمەڵەی بانکی نێودەوڵەتی، هەستاوە بە پێشکەشکردنی خولی ڕاهێنان بۆ زۆربەی بانکە عێراقییەکان و بۆ بانکی ناوەندی عێراق لە ژێر ناونیشانی (ڕاهێنانی بانکە عێراقییەکان لەسەر ڕێبەریکردنی بەدەزگاکردنی دەرچوو لە لایەن بانکی ناوەندی عێراقییەوە).
3. لە کەرتی کۆمپانیاکاندا:
دامەزراوەی بەدەزگاکردن بۆ بەڕێوەبەران GIoD بە پشتیوانی دامەزراوەی دارایی نێودەوڵەتی IFC، هەستاوە بە پێشکەشکردنی خولی جیاواز لە بواری بەدەزگاکردنی دامەزراوەکان بۆ کۆمپانیاکان، بە ئامانجی پێشخستنی کارامەیی بەڕێوەبەرەکانی، لەوانە:
Kar group – Mass group – Mega Mall – )
Salahaddin group – Qaiwan group – Erbil

Chamber of Commerce – Hiwa Foundation – (Ashur Brick – Majid Ashtar – Asriya group)

4. پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانمان لە ناوەندی دامەزراوەکانتاندا:
5. پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانمان لە شوێن و وڵاتی جیاجیادا:

عێراق (هەولێر، بەغداد، سلێمانی)، لوبنان (بەیروت)

# کڕیارانی GIoD

## بەشی کۆمپانیاکان

# کڕیارانی GIoD

## بەشی بانکەکان

کڕیارانی GIoD

## کڕیارانی GIoD

### بەشی ڕێکخراوەکان

### بەشی زانکۆکان

## پەیوەندیمان پێوە بکە

رێگاکانی پەیوەندی کردن بە دامەزراوەی بەدەزگاکردنی بۆ بەرێوەبەران


Email: info@iraqi-iod.org

ژمارەی تەلەفون: 7872 878 750 (0) 964 +
7873 878 750 (0) 964 +

ناونیشان: نووسینگەی هەولێر: شەقامی گوڵان، تەلاری یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، نهۆمی چوارەم.
نووسینگەی بەغداد: كرادة، ساحة عقبة بن نافع، بناية المحطة

وێبسایت: www.iraqi-iod.org